# کوردبوون و ناسیونالیزم لای دڵداری شاعیر

**د.أحمد محمود عبدالله**

بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری،پەیمانگای تەکنیکی کۆیە،زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر،هەولێر، کردستان، العراق

**پووختە**

به شێک له  شیعرەکانی دڵدار هەڵگری گوتاری سیاسین، هەرەوەها گەڕانەوە بۆ ئەو پێشینە ڕۆشنبیرو شەپۆلی بیری ناسیونالیستی دوای مۆدێرنیتە یە، کە دڵدار پێوەیان کاریگەر بووە. بە جۆرێك بیرکردنەوەی شاعیر وای کردووە، دوای پرسیاری (ئاسەف)ی براگەورەی دڵدار لە بارەی چیبوونی شاعیر، وەك یەکەم پرسیارلە کوردبوون، کە بەیەکەم دەسپێك و سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی و کوردبوون لای شاعیر گەشە دەکات. دوای ئەوەش دروستکردنی گروپ و دەستە بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ سەپاندنی بیری نەتەوایەتی لە سەرەتایەکی زوو لە ناو منداڵان، بەناوی گروپی (بەچە شێران) لە خوێندنگەیەکی سەرەتایی ئەمە سەرەتایەکی بەهێزە بۆ کارکردنی دڵدار لەسەر ئەم بابەتە لەو سەردەمەدا. توێژینەوەکەمان لە سێ  تەوەر پێکدیت. تەوەری یەکەم بریتیە لە کورتەیەك لە ژیان و بیوگرافیای شاعیر و وێستگەکانی خەبات لە ناو گروپ و کۆمەڵە سیاسیەکاندا. تەوەری دووەم بریتییە لە پێناسە و چەمکی ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی و مێژووسەرهەڵدانی و کاریگەری ئەو تەوژم و بزاڤە نەتەوەییانە کە پێشتر لە ڕۆژئاوادا سەری هەڵدابوو و لەڕێگەی شاعیران و ڕۆشنبیرەکوردەکانەوە وەك بیرهاوردەی کوردستان کرابوو. تەوەری سێیەم بریتیە لە سەرهەڵدانی هەستی کوردبوون و سەپاندنی وەك هێز بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ودواتر شرۆڤەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژی کەسایەتی دڵدار لە ناو سرودی ئەی ڕەقیبمان کردووە .لە کۆتایدا ئەنجامی توێژنەوەکەو لیستی سەچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو.

**ملخص البحث**

هذا البحث تحت عنوان (الكورد و الناسيونالستيه الكورديه عند شاعر دلدار)الهدف من اختيار هذا العنوان يعود الى تاثير مفهوم القومية عند الشاعر و تفكيك فكرة ابعاد الأدبية الشعر، حين يقوم الشاعر بنزع الخيال و العاطفة من الكلمات الموجودة او المكتوبة في النص الادبي او القصيدة الشعرية، كما كان يتمتع بها قصائد الشاعر (دلدار) حين يحمل في طياته افكارسياسية بحتة. يتالف هذا البحث من ثلاثة المباحث: يتضمن المبحث الأول نبذة عن حياة الشاعر و محطات نضاله داخل حركات و أحزاب سياسية، اما المبحث الثاني فيتضمن تعريف و مفهوم القومية والناسيونالستيه الكردية و تاريخ نشاة و تاثير نزعة و الحركة القومية اللتان برزتا في الغرب. اما المبحث الثالث فهي عبارة عن عدة محاور تتحدث عن نشاة الشعور القومي و بسطه كقوة على المجتمع الكوردى . و تحليل النفسي الاجتماعي لشاعر من خلال قصائده و نتاجة الفني. و أخيرا تم طرح الاستنتاجات و ملخص البحث باللغة العربية و الانجليزية مع قائمة المصادر.

**وشە سەرەکیەکان:** کوردبوون، ناسیونالیزم، سایکۆسۆسیۆلۆژی

## 1. پێشەکی

ئەم توێژینەوە ناونیشانی( کوردبوون و ناسیونالیزم لای دڵداری شاعیر)ە، هەوڵێکە بۆ تیشك خستنە سەر ڕەهەندی شوناس و نەتەوە و کوردبوون، بە مەبەستی دارشتنی تیۆری نەتەوەو ناسیونالیزم لە دیدی دڵدارەوە. تێگەیشتن لە چەمکی ناسیونالیزم و ڕەهەندەکانی و جیاوازی تێڕوانین، بۆ ئەم بابەتە لە ناو ڕۆشنبیری گشتندا،  هەروەها تێڕوانینێکی جیا لە چەمکی نەتەوەو ناسیونالیزم لە نێوان دڵدار و شاعیران و بیرمەندانی دی هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەن.  سنوری کاتی توێژینەوەکە چارەکیەکەمی سەدەی بیستەمە ئەو کات و شوێنەیە، کە دڵدار تێیدا ژیاوەو بەرهەمی ئەدەبیی و فیکری تێدا بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ کارکردنی لە ناو ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئەوسەردەمە.   ڕێبازی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردووە ،بۆ شرۆڤە و شیکردنەوەو بڕیاردان لەسەر بابەتەکان و ساغکردنەوەیان، بەتایبەتی گێڕانەوەی ژیاننامەی شاعیر و بەرهەمە ئەدەبیەکانی بۆزیاترگەیشتن بە ئامانجە زانستیەکانی توێژینەوەکە.

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 2، العدد 1 (2021)
أُستلم البحث في 26 يناير 2021؛ قُبل في 12 آذار 2021
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 26 نيسان 2021
البريد الإلكتروني للمؤلف: ahmed.abdullah@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2021 احمد، احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## 2. چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 2.1 ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە ناونیشانی( کوردبوون و ناسیونالیزم لای دڵداری شاعیر)ە، هەوڵێکە بۆ تیشك خستنە سەر ڕەهەندی شوناس و نەتەوە و کوردبوون، بە مەبەستی دارشتنی تیۆری نەتەوەو ناسیونالیزم لە دیدی دڵدارەوە.

### 2.2 هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

تێگەیشتن لە چەمکی ناسیونالیزم و ڕەهەندەکانی و جیاوازی تێڕوانین، بۆ ئەم بابەتە لە ناو ڕۆشنبیری گشتندا، هەروەها تێڕوانینێکی جیا لە چەمکی نەتەوەو ناسیونالیزم لە نێوان دڵدار و شاعیران و بیرمەندانی دی هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەن.

### 2.3 سنوری توێژینەوەکە:

سنوری کاتی توێژینەوەکە چارەکیەکەمی سەدەی بیستەمە ئەو کات و شوێنەیە، کە دڵدار تێیدا ژیاوەو بەرهەمی ئەدەبیی و فیکری تێدا بلاوکردۆتەوە لەگەڵ کارکردنی لە ناو ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئەوسەردەمە.

### 2.4 ڕێبازی توێژینەوەکە :

ڕێبازی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردووە ،بۆ شرۆڤە و شیکردنەوەو بڕیاردان لەسەر بابەتەکان و ساغکردنەوەیان، بەتایبەتی گێڕانەوەی ژیاننامەی شاعیر و بەرهەمە ئەدەبیەکانی بۆزیاترگەیشتن بە ئامانجە زانستیەکانی توێژینەوەکە.

## 3. تەوەری یەکەم

### 3.1 بابەتی بوون و شیعریەت لای دڵدار

ئەدەب دەربڕینی هەست و سۆز و دەروونی مرۆڤە، گوزارشتە لە ئازارو خەون و ئاوات و خۆشی و ناخۆشی، ئەدەب ڕۆڵی سەرەکی و دیاری لە مێژووی کۆمەڵگە وکاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆسەر ژیانی تاك وکۆ هەیە ، لە ڕێگای ئەدەبەوە ئاشنا دەبین بە هەموو دیاردە جیاوازەکانی سروشت و، ژیان لە هەموو ئاستەکان، بێگومان ئەدەبیش وەك بواری مەعریفی هەڵگری پێناسەو دیدی جیاوازە، ئەرکی ئەدەب گوزراشتکردنە لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی هەموو چالاکیەکی فیکری و مەعریفی پەیوەندییەکی بەتینی بە کۆمەڵگەوە هەیە، کە گوزارشت لە بونیادی فیکری و کۆمەڵایەتیی و ئابووری دەکات. شرۆڤەی ئەو ململانێیە جۆراو جۆرو و پڕۆژە کۆمەڵایەتیانە دەکات لەدەقێکی ئەدەبیدا(ئەم پەیوەندییە تەنها لە ڕێگای بیری ڕووتەوە نایەتەدی، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو میراتە ئەدەبی و هونەریە بەهێزە دەبێت کەهەر سێ جەمسەر بەیەکەوە گرێدات، ئەوانیش (تاك و کۆمەڵگە و ڕۆشنبیر)ە ئەو پەیوەندییەش بریتییە لە بواری کارکردن و چالاکیی ئادەمیزاد کە لە ڕۆڵ و کەسایەتی نوسەر دیاریدەکات، لەمەشەوە ناوەرۆك و فکری فەلسەفی و ئەدەبی ئەدیبان بۆ ڕوون دەبێتەوە (سمیر سعید حجازی ،2004،ل53).

کەواتە ئەدەب کۆمەڵێ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی کەسی و بابەتی دەگرێتە خۆ، لەم بارەیەوە (رینیە ویلك) دەڵێت : ئەدەب دوو چالاکی تایبەتمەندیی هونەری و داهێنانن( اوستین وارین و رینیە ویلك ،1973،ل11). کەواتە هەموو ئەو گوزارشتە جوان و ڕاستیەی کە لە ئەدەب هەیە یاخود لە دەقێکی نوسراو هەیە، چەندین دەرگای گفتوگۆ لەسەر ناوەرۆکی ئەدەب و ڕوخسار و ئەرکی ئەدەب دەکەنەوە، چەندین شەپۆل و ڕێباز و قوتابخانە سەرهەڵدەدات لەهەردوو لایەنی جوانناسی و بابەتییەوە. لەم سۆنگەیەوە دڵدار کە ئەدەب و شیعر لای ئەو، گەیشتن بووە بە ئامانج و هۆیەك بووە بۆ بڵاوکردنەوەی هەست و سۆزی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان، شیعری کردۆتە قوربانی ئایدیۆلۆژیاو نەتەوە. شعریەتیش لای دڵدار بریتی بووەلە (کۆی ئەو ڕێو شوێنە زمانییانە کە زمانی ئاخاوتنی ئاسایي بەرەو زمانی شیعر دەبات و پەیامی قسەی دەگۆڕێ بۆ شیعر)(محمّد عبدالکریم ابراهیم، 2012 ، 12)کەواتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە شیعر لای دڵدار هۆ بووە نەك ئامانج، ئەمەش زۆر جار کار لە لایەنی هونەری و ئستاتیکای هونەری دەکات و شیعر لە دەقێکی خاوەن ئیستاتیکا وە دەکات بە فۆڕمێك بۆ قسەکردن. بەمەش بابەتی بوون لە شیعری دڵدار و ڕەگەزێکی هونەرەکەیەتی،( پرۆسیسی خولقادنی شیعر بەتایبەتی و هونەر بە گشتی پرۆسێسێکی هۆشیارانە و عەقڵی یە و ئەنجامەکەی پێکهێنانی وێنەیەکی تازەی واقیعی، ئەو واقیعەی کە شاعیر بە بۆچوونی خۆی ، تیی گەیشتووە و بڕیاری خۆی لەسەرداوە و لای خۆی کردوویەتی بە یاداشتەی کردووە بە جۆرە دەربڕینێك لە ناخی دا بە شێوەیەکی ناکۆك و شێواو سەری هەڵداوە. ئەم ناکۆکی و شێواوی یەش سەبارەت بەوەیە کە لە ژانی هەستکردن بە واقیعەوە دەرناچێ)( فوئاد مجید میسری، 1978،82) بە شێوەیەکی گشتی شیعری کوردی و شیعری دڵدار بەتایبەتی بەر لە وەی بیر لە شیعریەت و ئەو فەزا کراوانە بکاتەوە کە (چیژ ڕابەرایەتیان دەکات، بیر لە ئاگایي ڕۆشنبیری و فیکری مەعریفی دەکردەوە، کە مۆدیلێکی ڕەشئامێزی ئاراستەکان دیاری بکات، تەوزیفکردنی ڕەمزو ئاگایي ڕۆشنبیری ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا)(عبدولمتەلیب عبداللە، 2010 ،53).

### 3.2 بایوگرافیای دڵدار

دڵدار لەڕێگای ئەو ژیاننامەی، کە خۆی نوسیویەتی، هەموو سەرگوزشتەو چیرۆکی تەمەنی خۆی، وەك ئاوێنە خستۆتەڕوو. (دەم نادەم ئینسان خۆی لە هەموو ئەو موحیتەی کە تێیدا ئەژی رزگار دەکا و لەوشتانەی لە دەوریایە دوور ئەخاتەوە، تا وای لێدێت غەیرەز(خۆی) نەبێ چیتر بە مێشکدا نایێت بەچاوێکی تیژەوە سەیری پاشە ڕۆژدەکات)(عبدالخالق علاالدین،1985،ل11)بۆ ناسینی کەسایەتی دڵدار ( دەبێ ئاگاداری ژینامە و پێگەیشتن و چواردەوری ماڵەوەو خێزان و کۆمەڵگە بین، واتا ئەو خاك و بەراوەی کە نەمامی کەسی یەتی دڵداری تێدا ڕوابوو کە مۆرکێکی جوداکەرەوەی بە کەسایەتیەکەی بەخشیوە و بووە پێشڕەووڕابەرو شاعیرێکی شۆڕشگێڕ).(عبدالرزاق بیمار، 2017 ،ل 139 ) .

دڵدار لە دوا ساتەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لە دایك بووە هەروەك خۆی دەگێڕێتەوە خەڵکی زۆر برسی و نەدار بوون. عەسکەری عوسمانی هەرچی هەبوو لە دانەوێڵە و خۆراك دەهاتن و تاڵانیان دەکرد. باوکي دڵدار وەك فەرمانبەر لە مەئمووری نفوس کاری کردووە. هەرلە سەرەتای ژیانی توشی نەخۆشی و نەساغی

بووه ئەمەش كاری لە زمانی كردووە و زمانی گران كردووە. دڵدار لە نێوان شارەكانی هەولێر و كۆیە و مەخمورو ڕانیە گوزەرانیان كردووە(خێزانێكی گەورەی وەك ئێمە لە هەولێر، بە كڵاودوری و موساعەدەی مەلا فەندی بەڕێوەدەچوو. لەگەڵ ئەمەشدا عیزەتی نەفسی عائلەوی و خۆبەكەم دانەنمان هەر موحافەزەكردووە)( عبدالخالق علاالدین،1985،ل16 ) هەر ئەو عزەت نەفسە بووە كە وای لە دڵدار كردووە، هیچ كات سەر بۆ نەبوونی و نەداری شۆڕ نەكا هەرگیز كەسە نزیكەكانیشی هەست بەوە نەكەن كە ڕۆژێك لە ڕۆژان سەر بۆ هیچ كەسێ دانەنەوێنێ. ئەوكاتانەی كە یاریشیان كردووە لە حەوشەكەی خۆیاندا یاریان كردووە خۆی بە گەورەو سەردار داناوە (تەحەكومی زاتیم لە خوێندا تێكەڵ بووە یەك لە خەسائیسی ئەسڵیم كە چەندی ئەكەم ناتوانم بێی ئەو تەحەكوم بژیم )( عبدالخالق علاالدین،1985،ل 17 ).

دڵدار لە تەمەنی (12)ساڵیدا (ئاسەف)ی برای ڕۆژێك لێی دەپرسێت: (یونس تۆ چیت ؟.... جوابم دایەوە من یونسم ....چ بم؟ وتی مزارم ئەمە نییە، یەعنی تۆ خۆت بە كورد یا تورك یا ئینگلیز دا ئەنێت..یان نا ؟ پاش گفتوگۆیەكی زۆر كە هیچی لێتێنەگەیشتم، بەلام یەك شتی لە عەقیدە و ئیدیعا گۆڕیم كە ئەویش ئەگەر لێیان پرسیم تۆ چیت بڵێم من كوردم)... دوو سێ سعات لە ژێر تەئسیری ئەم ووتەدا مامەوە لە نیهایەتدا قەرارم دا كە ڕقم لە هەموو ببێتەوە یەكسەر دەفتەرێكی خۆم لەسەر گرامەفۆنەكە دانرابوو فڕێم دایە سەر زەوی كە ڕەسمی مەلیك فەیسەڵی لە سەربوو)( عبدالخالق علاالدین،1985،ل 25 ) ئەم گۆڕانكارییە دیدي و دونیابینی دڵداری لە جەوهەرەوە گۆڕی. دواتر خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە پاش ئەم حادیسەیەش هەروەكو شتێكي تازەم دۆزیبێتەوە شعورم بەخۆم دەكرد كەمن یونسەكەی جاران نیم من....كوردم، وە وام حەزدەكرد كە بازبدەم بە كۆڵاناندا . هاوار بكەم من كوردم، من كوردم)( عبدالخالق علاالدین،1985،ل 26 ).

تەنفیذی بكەم) ( عبدالخالق علاالدین،1985،ل50 ).

ئەمانە وایان كرد كە دڵدار گیانی بەرگری بەهێزبێت ئەمەش سێ بەڵگەیە:

1- ئاگاداربوون لە مێژوو .

2- دەوروبەری ئاگرین واتا باری ناو خێزان و ناوكۆمەڵ.

3- ئامادەیي بۆ خزمەتكردن بناغەی كەسایەتیی شۆڕشگێڕی شاعیریان داڕشت.(عبدالرزاق بیمار:2017:ل139).

## 4. تەوەری دووەم

### 4.1 وێستگەی سیاسی ژیانی دڵدار

دلدار لە شاری كەركوك دەست بە جموجۆڵی سیاسیي و حزبایەتی دەكات.( دڵدار لە ڕێكخراوی سیاسی دورە پەرێز نەبووە،لەسەردەمی قوتابیەتی قوتابخانەی ناوەنجی لە كەركوك بەشداری لە دامەزراندنی كۆمەڵەی (داركەر) دا كردووە. لە پاشان ڕێكخراوەكە بووە سەرچاوە و بنكەی دامەزراندنی پارتی هیوا).(مارف خەزنەدار ، 2010 ، ل 566 ) لەتەمەنێكی زۆر لاویدا چۆتە ناوكاری سیاسی و بووبە سكرتێری حزبی هیوا كە (ڕەفیق حلمی) سەرۆك بووە.( كۆمەڵەی داركەر هەڵگری بیری نەتەوەییانە بوو، چالاكی فراوانتر ولە ڕووی ڕێكخستنەوە. پێشكەوتوو تر و ئامانج ڕونتر بوو لەوانەی پێشخۆی و دڵدار سەرۆكی ڕاستەوخۆی كۆمەڵە بوو. ئامانجی ڕزگاركردنی كوردستان و ڕێكخستن و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی سەربەخۆ بوو)( جمال فتح الله، 2008 ،120). لەو ماوەیەدا لە ناو پارتی هیوا دوای كۆمەڵەی دار كەر وەك ئاشكرایە( ڕەفیق حلمی سەرۆكی پارت و دڵداریش ئەندامێكی چالاك و سكرتێری پارتەكە بوو، پەیوەندی نێوان رەفیق حلمی و دڵدار بەتوندی دەركەوتووە، چونكە پارتی ناوبراو لەدوای دورستبوونی تا لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئەندامەكانی بەسەر دوو ڕەوتی زۆر سەرەكیدا دابەشببوو، ڕەوتێكیان بە ئاراستەی نەتەوەیي كاریاندەكرد، ڕەوتەكەی دیكەشیان بە ئاراستەیەكی نێونەتەوەیي و لە ژێر بیروڕای چەپڕەوی هەنگاوی دەنا ئەم هۆكارەش بوو دواجار پارتەكەیان هەڵوەشاندەوە)(حیدر حاجی خدر،2005 ، 26).

جگە لە توانا ئەدەبیەكەی لێهاتوو و چالاك بوو هەرلەو ڕۆژانەدا( مسعود محمّد) هاوڕێ قوتابی نووسیویە: (دڵدار قوتابیەكی دڵزیندووی هۆشیاری مێشكراوە بوو. هەروەها دەڵێت: (هەندێ خەسڵەتی دڵدارم لەو ساڵەدا بۆ ڕوون بووەوە تێگەیشتم دڵدار گەنجێكی ئازایە، پڕ بە پێستی وشەی ئازاش ئازایە، نەم دیت ڕۆژێك لە ڕۆژان دڵدار قسە قوت بداتەوە. یان لە هەڵوێست دابەزی بە مەرایي كردن بەرامبەر نەوازشت و یارمەتی ئەم و ئەو...یەكێك بوو لە چاكترین ئەندامانی پارتی هیوا گەرمترین دەمەتەقەی بەدەوری كردووە و ڕەفتاری ئەو حیزبە و ئەندامانی بەرپاكرد ).( عبدالرزاق بیمار ،2017،ل144 ). ئەگەر چی دڵدار نەیتوانی بەر لە هەڵوەشانەوەی ئەو حزبە بگرێ بەڵام لە خەباتكردن و بەردەوام بوون لە كاری ڕێكخراوەیي نەوەستا و چووەناو حزبی (تحرر)هوە لە ساڵی 1946 كە لەو سەردەمەدا بیری ماركسیزم و كۆمۆنیزم سەرتاپای ژیانی سیاسی و ڕێكخراوەیي تەنیبوو. ( دڵدار لە دواساڵانی پێش كۆچكردنی شۆڕشێكی تری لە بیرو باوەڕیا پەیدابوو كە لە سنوری نەخشە كێشراوی ئەو حزبە چووە دەرەوە. هاتە سەر ئەوڕایەی كە پێویستەكورد خاوەن پارت و سەركردایەتێكی شۆڕشگێڕی تایبەتی خۆی بێ و لەگەڵ ڕێكخراوو حزبە سیاسیەكانی تری وڵاتدا تەنیا هاریكاری و ئاشنایەتی بێ)( عبدالخالق علاالدین،1985،ل90 ).

### 4.2 كوردبوون و هەستی ناسیونالیزم.

ناسیونالیزم لە نەتەوەیەكەوە بۆنەتەوەیەكی دی لە ژێركاریگەری ژمارەیەك فاكتەری جیاواز دەركەوتوون بە بۆچوونی (بوید شیفر Boyd C. Safer (ناسیونالیزمی هەر نەتەوەیەك دەبێتە سیمبولێكی فیكری بۆ گوزارشتكردن لە خودی نەتەوەكە، بەجۆرێك لە ئەوانیدی دەپپۆشێت و بەڕەنگێكی جیاوازیش لە ڕەنگی ناسیونالیزمی نەتەوەكانی دیكە خۆیدەنوێنێت ، بۆنموونە ناسیونالیزمی ئەووپی هەرگیز لە ناسیونالیزمی ئاسیایي یان ئەمریكایي ناچێت. وەك چۆن ناسیونالیزمی ئەڵمانی تەواو لە ناسیونالیزمی فرەنسی ناچێت ناسیونالیزمی كوردیش هەڵگری تەواوی ئەدگارەكانی ناسیونالیزمی توركی ، عربی، یان فارسی و گەلانی بەڵكان نییە)(جعفر علی ،2013، 13 ).

لە فەرهەنگی ئۆكسفۆردی ئینگلیزیدا هاتووە كە : ناسیونالیزم ویست و ئارەزووی گروپێكی مرۆییە كە هاوبەشن لە (ڕەگەز ، كلتوور، زمان ،.....هتد) بۆ پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، واتە بەو مانایە ناسیونالیزم خۆشەویستی تاكە بۆ نەتەوەكەی هەروەها ویستێكی بارگاوییە بە مەیلی نەتەوەیي و ئاراستەی پێكهێنانی قەوارەی

سەربەخۆی نەتەوەیش کاردەکات)( جعفر علی ،2013، 18). واتە ناسیونالیزم تاك بە خاك وئاو ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە لای ساتیع حوسەریش( بەهۆی کاریگەری ناسیونالیزمە مرۆڤ نەتەوەکەی خۆشدەوێت، هەست دەکات لە ناخەوە پەیوەستە و خۆی وەکو ئەندامێکی ئەو نەتەوەیە دەبینێت، بو سەروەرییەکانی دڵخۆش و بە ناخۆشییەکانی دڵتەنگ دەبێت) )( جعفر علی ،2013، 18).

ناسیونالیزم بەپێی ژینگەو سەردەم و دۆخی وڵاتان دەگۆڕێت احمد جمال زاهیر پێی وایە ناسیونالیزم ( بریتییە لە هەست و سۆزێکی مەزنخوازی و خۆبە گەورە سەیرکردن لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکەدا ، ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیە و، ئەو ئامانجەش لە ڕێگەی پێشێلکردنی مافی گروپە نەتەوەییەکانی دیکەدا نەبێت نایەتەدی).( جعفر علی ،2013، 21) ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پرۆسەی بە نەتەوە بوون مەرجەکانی دروستبوونی نەتەوە لای تەوای نەتەوەکان و گروپە مرۆییەجیاوازەکان پرۆسەیەکی گشتگیر و سەرتاسەری لە یەك چوونییە واتە هەر نەتەوەو گروپێك خۆی دەتوانێ لەو چوار چیوە یەك پرۆسەی مێژوویی و کۆمەلایەتی سیاسیی ببێت بە نەتەوە.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین (نەتەوە گروپێکی کۆمەڵایەتی گەورەیە،نەك یەك پەیوەندی بابەتی، بەڵکو بە چەندین جۆر پەیوەندی بابەتی( ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی ، دینی ، جوگرافی مێژوویی) و ڕەنگدانەوەی زەینی ئەو پەیوەندیانە بەسەر وشیاری گشتییەوە پێکهاتبێ. زۆرێك لەو پەیوەندیانە دەتوانن شوێنی ئەویتریان بگرنەوە) (میرۆسلاڤ میرۆگ،1997،ل177 )بۆیە ناسیونالیزم لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر بەپێی گۆڕانکاری سیاسي و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەگۆڕێت. بێگومان نەتەوە و هەستی نەتەوایەتی بەرهەمی ڕاستەوخۆی بیری ڕۆژئاوایە. گەشەکردنی بیری نەتەوە خوازی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە و سەرەتای سەدەی بیستەم لە باکوری کوردستاندا بەرامبەر ناسیونالیزمی تورك و ئایدیۆلۆجیای تورانیزم دەرکەوت .

(ڕوناکبیرانی کورد ، لە کۆتایی سەدەی نوزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ ڕوناکبیرانی نەتەوەکانی دیکەی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، داوای گۆڕانکاری و چاکسازییان لە نێوان کۆمەڵ و دەوڵەتی عوسمانیدا دەکرد. بەڵام کاتێك ناسیونالیزمی تورك ناوەرۆکی شۆڤینیستانەی خۆی بەرامبەر کورد، تورك ، عەرەب ...دەرخست ڕوناکبیرانی کورد ڕێگای خۆیان گرتەبەر.بەمەش بزاڤی کورد، لە باکوری کوردستاندا ، لە بزاڤێکی سەرتاسەری نێو ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە گۆڕدرا بە بزاڤێکی ناسیونالیستی).( رەفیق سابیر،2010 ،ل18)

دواتر بیری ناسیونالیزمی کورد لە نێوان ماوەی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بە تایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی دەستپێکردنی خەباتی سیاسیی و ڕێکخراوەی دوور لە خەباتی چەکداری دەردەکەوێ.

لە کۆتایی سیەکاندا حزبی هیوا دەبێتە یەکەمین ڕێکخراوی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستانی عیراقدا و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵەی ژێکاف) دادەمەزرێ لە سەردەمی پێشەوا قازی مُحَمَّد دا. کە نیشانەی بە مەدەنی بوون و بەروپێشچوونی هەستی نەتەوەیی ناسیونالیزمی دەگەیەنێ. هاوکات لەو سەردەمەدا بزوتنەوەی نەتەوایەتی شێخ محمود لەگۆڕێیوو کە جیاوازی لەگەڵ ڕۆژهەڵات لە نێوان هەردوو جوڵانەوەکە بەدیدەکرێ لە سیمای هەردوو بزوتنەوەکە ، کە یەکەمیان سیمای چەکداری بوو لە سەردەمی شێخ محمود بەڵام، کۆمەڵەی ژێکاف بەکردەوە خەباتی سیاسی شارستانی دوور لە بەکارهێنانی چەك کردبووە بە ئامانجی ستراتیژی. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ دورخستنەوەی دەسەڵات وپێگەی عەشیرەت و ئاین لە بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد. بێگومان لەم سەردەمەشدا لایەنی چاپ و ڕۆژنامەگەری وزمان فەرهەنگی کوردی بەرۆڵێکی کاریگەر و چالاکی لە گەشەسەندنی بیری ناسیونالیزمی کوردی گێڕا.

## 5. تەوەری سێیەم: ڕەهەندی سایکۆسۆسیۆلۆژی چەمکی(نەتەوە) لە شیعری دڵداردا.

شیعر لای دڵدار، بەپێی سیاقی دەرونکۆمەڵایەتی کۆمەڵێك یادەوەری لە خۆ دەگرێت، کە هەڵگری کەسایەتی و یادەوەری و ژینگەی شاعیرە. تێکستی دڵدار شرۆڤەکاری کۆمەڵێ چەمکن، لانی کەم وێنەی ئەو ژیانە تاڵ و پڕ کێشەی شاعیر پیشان دەدات. کە پێویستە بخرێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە  لە گۆشە نیگای زانستی دەروونشیکاری و سۆسیۆلۆژیەوە، چونکە ئەوەی لە تێکستەکان بەرچاو دەکەون کۆمەڵێ بابەت و چەمکن، بریتین لە ژیانی دڵدار هەر لە سەردەمی منداڵی و قۆناغەکانی تەمەنی شاعیر. بۆیە باشترین ڕێگە بۆ ناسینی دڵدار و بەرهەمی گرنگی دانە بە ڕابردوو ژیانامەی شاعیر کە خۆی نووسیویەتیەوە و باشترین شایەتی ئەو شوێنەواریانەن کە بەسەر دەروون و هەڵسوکەوتی شاعیرەوەن. مەبەست لە سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی هەردوو هۆشیاری تاك و کۆمەڵ دەگرێتەوە و ئاویتەبوونە لەنێوان سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ( مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. بە بێ کۆمەڵگەی بچوك (خێزان)، بێ کۆمەڵگەی گەورە ژیانی ئاسان نابێت. من بە بێ تۆ، خۆم بەبێ ئەوانی ترناگونجێ و لەکردن نایەت ، هزرو بیری مرۆڤیش ناتوانێ (منی بێ تۆ) وێنا بکات. کە مرۆڤ دەڵێ من یەکسەر ئەوەش لەگەڵیا دێت کە هیچ (منێك بە بێ ئێمە بوونی نییە) هۆشیاری و ئاگایی خۆیەتی بەهیچ جۆرێك ناکرێ و لە توانای دا نییە لە هۆشیاری کۆ و بە کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی دابڕێت، هەروەها ئاشکراشە کە مرۆڤ سەرنجی خۆی و ناخی دەدات، وەك ئەوە وایە سەرنجی کەس و شتێکی تر بدات، بۆیە بیرۆکەی (ئەوانی تر) وشەی(تۆ) هەمیشە بەشێکە لە بەشە جەوهەرییەکانی ئەو هۆش و ئاگاییەی ئێمە دەربارەی خۆمان هەمانە، (ئەوانی تر) بەهیچ جۆرێك کەرەسە و بابەت نییە، بگرە وەك من جەوهەرە) (حمید عزیز،2014،ل171)

لەڕاستیدا چەمکی کورد بوون، یاخود نەتەوە و بەستنەوەی بەکۆمەڵێك مەرج کە دەشێت و پێکهێنەری کوردبوون بێت. دەگەڕێتەوە جۆری ئەو دەسەڵاتەی بەرامبەر کورد وەستاون و لە مێژوو دا کورد هەوڵی داوە خۆی وەك نەتەوەیەکی خاوەن زمان و خاك و مێژوو بناسێنێت.( واتە یەکسانکردنی کوردبوون بە بوونی نەتەوەیەك کە باوەڕی وایە کلتوورێکی جیاوازو یەکگرتووی هەیە و ، لەسەر ئەم کولتووره جیاوازە و یەکگرتووەش بەدوای سەربەخۆیی سیاسیدا دەگەڕێ و داوای ئەوە دەکات خۆی ماڵی سیاسی خۆی لە ناوەوەڕا بەڕێوەبەرێت). ( مەریوان وریا قانع،2017، 274). ئەم دیدەش بۆ نەتەوەیی بوون و خۆناساندن وەك نەتەوەیەکی جیاواز لەوانی تر، زۆر دیاردەیەکی ناسروشتییە، لەبەر ئەوەی خەبات کردن بۆ کوردبوون لەگەڵ کۆمەڵێ داگیرکەری جیاواز کە هەریەکەیان هەڵگری کۆمەڵێ ئایدیا و پڕۆژەی شۆڤینی و ناسیونالیستین ئەستەمە. بۆیە کورد پێویستە هەمیشە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافی ڕەوای کوردبوون و ژیان لە ناو

چوارچیوەی ئەو کۆمەڵە دوژمنە، پێویستی بە ڕێگەکی ترە و، جۆرە خەباتیکی تری گەرەکە. کە ئەویش بریتیە لە بەکارهێنانی هێز و توانای سەربازی و خەباتی چەکداری. بۆیە دڵدار داوا لە لاوانی نیشتمان دەکات دەستبکەنە تفەنگ و هەڵسن و دوور کەونەوە لە بادەنۆشی بۆیە دەڵێت:

میللەتێ گەر خوێن نەرێژێ دەست وپێی ناکرێتەوە
بێکیفاح گوفتار وەسیقەی ژینی پێنادرێتەوە (دڵدار،1985، 206 )

لەلای ئێرنیست ڕینان ( نەزمان نەخاك نە بەرژەوەندی هاوبەش و نەئاین هۆکارێك نین بۆ دروستبوونی نەتەوە و مەرجی ناسیونالیزمیش نین ئەمانە توخمی ناجێگیرو بزۆکن،ئەوەی نەتەوەیەك دروستدەکات ئەم ڕابردووەو ئەم بەیەکەوە ژیانەیە بەرەو ئاینده هەروەها ئامادەیی لە بیرکردنەوە کارەساتەکانی ڕابردوو و قوربانیدان لە پێناو یەکتری)( محسن احمد عمر، 2009،ل 348) ئەمە پێچەوانەی هەموو ئەو پێناسەکلاسیکیانەیە کە لە ڕابردوو لە مەڕ نەتەوە کراون . هەر لەم بارەیەوە (احمد جمال) لە بارەی ناسیونالیزمەوە دەڵێت: ناسیونالیزم بریتیە لە هەست و سۆزێکی مەزنخوازی و خۆ بە گەورە سەیرکردن لە بەرانبەر نەتەوەکانی دیکە،ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، ئەو ئامانجەش لە ڕێگەی پێشێلکردنی مافی گروپە نەتەوەکان نەبێت نایەتە دی. بەو مانایە ناسیونالیزم هەمیشە لە پەلاماردان و فراوانخوازی دایە بۆ سەر مافی نەتەوەکانی دی)(جعفر علی،2013، 21 ). لێرەوە دەتوانین ئاماژەبە هۆنراوەی ئەی ڕەقیب بکەین و دێڕ بەدێڕ و وشە بە وشەی شێتەڵ بکەینەوە بۆ ئەوەی بۆمان ڕونبێتەوە کە دڵدار هەمان بۆچوونی هەبووە سەبارەت بە نەتەوە.

دڵدار ئەم هۆنراوەی لە کەرکوك داناوە کە بەم شێوەی خوارەوەیە :

ئەی ڕەقیب
ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان
نایی ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیری کە خوێناوی یە ڕابردوومان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان ئاینمانە نیشمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان
چەند هەزار لاوانی کوری نەڕرە شێر
بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران
لاوی ئێستاش حاضر و ئامادەیە
گیانفیدانە ، گیانفیدانە ، گیانفیدان
لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەك دلێر
سابەخوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان (دڵدار،1971،ل17)

بەو مانایەی (پرسیاری ئێمە کێین ؟ ئەو پرسیارە گرنگەیە کە لە سەدەی بیستەمدا لە پشتی زۆربەی هەوڵەکانی ئینسانی کورد وتەقەلای هێزە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردییەوەبووە، مێژووی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی ئێمە لەو سەدەیەدا سەرزەمینی هەوڵدانێکی بەردەوامە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەو پێناسەکردنی ئەوشوناسە و بەرجەستەکردنی لە کۆمەڵێك ماف و داواکاری تایبەتدا)(مەریوان وریاقانع، 2004، 125 )

کاریگەریی دەروونی نووسەر و شاعیر بەسەر دەقەکەیەوە چەمکێکی پێشکەش بەڕاڤەکارانی دەقی ئەدەبی کرد، کە هەردوو جەمسەری نووسەر و دەق بەیەکەوە بەبەستێتەوە، لەسەرێکەوە شیعر و شاعیریش ئەوەی پێشکەشی ڕاڤەکارانی دەق ئەدەبییان کرد، کەمتر نەبوو لە و شتەی زانستی دەروونناسی پێشکەش بە شیعر و دەقی ئەدەبی کرد. لەم بارەیەوە (فرۆید) دان بەوە دادەنێ ئەوەی ئەدەب خستیەسەر ئەو ڕێبازە و شیکردنەوانە شیعرو شاعیران بوون، نەك ئەوان داهێنانەکانیان لە هەموو بوارەکاندا بەرهەمی ئەوان زادەی دەروونی ئینسانە، خوێندنەوەی ئەدەبی دڵدار پێویستی بەناسینی ژیانی دڵدارە، ژیانی تایبەتی دڵدار گرنگە. بۆ ناسینی جیهانی ناوەوەی دەقەکان، لەم ڕێگەوە زۆر نهێنی ناو تێکستە ئەدەبیەکان ڕووندەکەنەوە.(لێرەوە دەشێت ناسینی تایبەتی نووسەر و زانینی ڕاوبۆچوون و بەهاکانی ببنە دەروازەیەکی هێجگار گرنگ بۆ چوونە ناو ماڵە تاریکەکانی تێکستی ئەدەبییەوە و خودی نووسەر . خۆی ببێتە شەوقی ئەو چرا میتۆدییەی کە یارمەتی بینین و خوێندنەوە و تێگەیشتنی هێما و مانا و ئاماژەکانی ناو ئەو ماڵە ئەدەبییەمان بدات.( مەریوان وریا قانع،2017، 325).

دڵدار لەم هۆنراوەیەدا، تێکەڵاوی بارێکی دەروونی داسەپاوی ژیانی ڕابردووی و سەرگوزشتەو ئەو ژینگە بارگاوییە دەبێتەوە کە، دەیباتەوە سەردەمی منداڵی و کەشی قوتابخانەو پاڵەپەستۆی کاکی ئاسەف و ئارەزووی بۆ کوردبوون و هەر هەمان ئەو پرسیارە لە نەستی شاعیر دەسورێتەوە ئەویش بریتین لە بانگکردن و پەرچەکرداری ناسیونالیزمی عەرەب و یاخی بوونە لە هەموو ئەو دوژمنانەی کە بیرۆکەی خۆسەپاندن و سڕینەوەی کوردیان داوە. (فرۆید یەکێکە لەو بیریارە گرنگانەی کە تیژی گرینگیدان بە نوسەر دەگەیەنێتە چلەپۆپەی، لای فرۆید تێکستی ئەدەبی بەرهەمی سایکۆلۆژیای نووسەرەکەیەتی و دەربڕی ئەو ئارەزوو و گرێ و کێشە سایکۆلۆژیانەیە کە نووسەری تێکستەکە هەڵگریانە).(مەریوان وریا قانع،2017، 325).

بۆیە دەڵێت:

ئەی ڕەقیب
ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان
نایی ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان

پێداگرتن لەسەر مان و زیندووبوونەوە پێویستی بەهێزو دەسەڵاتە بۆ بەرەنگاری بوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان لە کاتێکدا گەر هێز نەبێ مانەوە ئەستەمە لە شوێنێکدا کە ڕێکاکانی پێکەوە ژیان هیچ بایەخی نەبێ و ئەوەی بەرامبەرە باوەڕی بە ئازادی و یەکسانی ئەوانی تر نییە.(یەکێك لە پێکهاتەی دروستبوونی کردە و پرۆسەی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی کارلێککردنی کۆمەڵێ هۆکاری ئابووری و سەربازی و سیاسی و فیکریە کە ئەوە یان وەك کەرستەیەکی خام بووە بۆ پرۆسەی نەتەوایەتی کورد)( جلال تاڵەبانی، 1971، 72 ) .

دروستکردنی هەستی نەتەوەیی لە ڕێگای ئەو تیۆریایەی (ڕینان)و (حاجی) بۆ ئێمەی کورد دێتەکایەوە، ئەمەش لە سەرەتای ژیانی دڵدار ، وەك لە ژیاننامەکەی هەستی پێکراوە بۆیەش دەڵێت:

ئیمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیری کە خوێناوی یە ڕابردوومان
ئیمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان ئایینمانە نیشتمان

ڕەنگی سورو شۆڕش، تەنها هەستێکی ئاسایی نەبووە لای دڵدار بۆ گێڕانەوەی مێژوو، بەڵکو دەنگی خەباتە خەباتێك کە هێزو شۆڕش پشتیوانی بکات، شایەتی ئەوەش دێنێتەوە کە ، خوێن و قوربانی دان تاکە ڕێگایە بۆ سەرکەوتن، هەروەك خۆی دەڵێت: ( ئیمە کوردین بەچە شێرین با بگەڕێن ئەوەی نە بێتە بە چەشێر بە چە ڕێویە لێی بدەین) گەڕاین سێ چوار کەسی تریشمان بە زەبری مشتەکۆڵەو قەزوان کردە بەچەشێر) ( عبدالخالق علاالدین،1985،ل33 ).

جارێکی تر دڵدار لە شیعری ئەی ڕەقیبدا دەنگی زوڵاڵی دەسەڵات و ڕازی نەبون بە مردنی کورد و هاوار دەکات و دەڵێت( کەس نەڵێ کورد مردووە) کورد زیندووە .. ئەم پەیامە بۆ دوژمانان لە سۆنگەی هێزو تواناوە دێتەوە و هەر هێزیشە کە توانا دەبەخشێ بە ئاشتی و کوردبوون.(کەیخوسرەو625-584 پ.ز) توانی لەساڵی (612 پ.ز) توانی نەینەوای پایتەختی ئاشوریان بگرن و شارەکەیان سوتاند و ئیمپراتۆریەتی ئاشور هەتا هەتایە کۆتایی پێهات، دوای ئەوەی وڵاتی ئۆراتو و ناوچەی کەفکاسی گرت. بەرەو ڕوباری (قزل ئیرمق) هات کە دەکاتە ئەنکەرەی ئەمڕۆ لە ساڵی (585) پ.ز، لەوێ لەگەڵ سوپای لیدیەکان کردی بەشەڕو دواتر ڕێکەوتن تا ئەو ڕوبارە سنوری نێوانیان بێت)(شاسوار هەرشەمی، 1999، 23-25). ئەمەش بوو سنوری کوردستانی لەو سەردەمەدا فراوان کرد وباکوری کوردستان کەوتە ناو نەخشەی کارگێڕی و سیاسی کورد لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدیا و ئەو ناوچانەش تا ئەمڕۆ خاکی کوردستانن.(کۆی حکایەتەکانی نەتەوەیەك بەسەریەکەوە ئەو شتە دروستدەکەن کە پێی دەگوترێت یادەوەری هاوبەش یان یادەوەری نەتەوەیی. هونەری پاراستنی نەتەوە تارادەیەکی زۆر هونەری سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە و ڕێزکردنەوەی یادەوەرییەکە سێ جۆر حکایەت دەگێڕێتەوە : حکایەتی سەروەرییەکان ، حکایەتی پەژارە و کۆستەگشتییەکان و حکایەتی شەرم و ئابڕووچوونەکان. هیچ شوناسێکی نەتەوەیی نییە حکایەتێکی سەروەری لە پشتەوە نەبێت کە قارەمانێتی و قوربانی و دڵسۆزیی ئەم نەتەوەیە نەگێڕێتەوە).( ( مەریوان وریا قانع،2017، 288).

دڵدار مەبەستی دروستکردنی یەکێتی نەتەویی لە ڕێگەی دەسەڵات و هێزەوە ڕەگەزێکی گرنگی کوردبوونە، ئەمەش ئەو تیۆریەی ڕینان مان بۆ پشت ڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت: ئەو ڕەگەزانەی تر وەك زمان و خاك و مێژوو ڕەگەزی بزۆکێ وناجێگیرن.(کە باس لە نەتەوە دەکرێ ڕاستەوخۆ باس لە زمان و خاك و مێژووی هاوبەش و نەژاد و بەرژەوەندی هاوبەشدەکرێ، لە پاڵ ئەمە مەزهەب یان ئایینی هاوبەشیشی دەخەنەسەر. دەشێ ئەم پێناسەیە بەیەکێ لە پێناسە هەرە چەواشەکارەکان لە قەڵەم بدرێ. لە کاتێکدا ئیمە دەزانین لە سەردەمێکی دیاریکراوی ژیانی میللەتانی ڕۆژهەڵات هۆکاری تر هەن بوونەتە هۆی دروستبوونی نەتەوە.( محسن احمد عمر، 2009،ل 350). ئەمەش لە دیدی دڵداردا ڕەنگی داوەتەوە و لە دێڕکدا دەڵێت: لە ڕوانگەی ڕینانەوە( نەتەوە لەسەربنچینەی دوو کۆڵەگە وەستاوە، ئەم دوو کۆڵەگەیەش لە توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەن یەکەم بریتیە لە یادەوەری (ذاکرە Memoire ) یێك لەڕابردووی هاوبەش یادەوەریەك کە پڕ بێ لە داهێنانی هاوبەش . دووەم بریتیە لە : بڕیاردان و دڵنیا کردنی بەردەوام و هەمیشەیی ئیرادەی بەیەکەوە ژیان) .( محسن احمد عمر، 2009،ل 350). لە کۆتایی دا دەتوانین بڵێین هەستی دڵدار بۆ نەتەوەکەی و کاری سیاسی لە ناو ڕێکخراوەکاندا و گوتاری دڵدار کارکردن بووە بۆ کۆتایی هێنان بە چەوسانەوەو دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی ڕژێمە داگیرکەرەکان. بۆ گەیشتن بە ئامانجیش خەبات بووە بە زەبری هێز و دەسەڵات، کە ئەمەش بەئاشکرا لە ژیان و دونیابینی دڵداردا هەر لە ژیانامەو کارو چالاکی و خەباتی ڕێکخراوەیی بەدی دەکرێ. هەر ئەو هەوڵەش بووە کە خەباتی نەتەوەیی لە دیدی ئەودا گۆڕا و بووە خەباتێك لە پێناو گۆڕینی مۆدیلی چەمکی کوردبوون لە گۆشەنیگای برای ئایینی سەدەکانی ڕابردووبۆ ( مۆدیلی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە ڕەگەزی سەرەکی ناو فەنتازیای سیاسی میللەتانی ناوئیمپراتۆریەتەکە وشێوازی ڕێکخستنی باوی پەیوەندی نێوان میللەتە جیاوازەکان، ئەم مۆدیلە بیرۆکەی برایەتی ئایینی لەناوبرد و لەشوێنیدا بیرۆکەی یەکبوونی نەتەوەیی و پەیمانی کۆمەڵایەتی و برایەتی سیاسیی چەسپاند. ئەم مۆدیلە شەهید بوونی لە پێناو ئایندا گۆڕی بۆ شەهید بوون لە پێناو نیشتمان و جیهادی ئاینی دەگۆڕیەوە بەسەر جیهادێکی نەتەوەیی و خەبات بۆخودای دەگۆڕی بۆ خەبات بۆ نەتەوە)( مەریوان وریا قانع، 2004 ، 130 ). لە کۆتایشدا مارف خەزنەدار لە بارەی سرودی ئەی ڕەقیب دەڵێت: ئەی ڕەقیب مارشێکی لاوچاکی و حەماسییە و بەگەورەترین چوونە مەیدان و هێرش بردن قانگ دراوە و گیانی شۆڕش و زەبروزەنگی لێدەتکێ)(خەزنەدار،2004، 574 ). ئەمەش لە گەڵ بۆچوونی دڵدار یەکدەگرێتەوە چونکە دڵدار لە ڕابردوودا گۆشکرابوو بە بیری حاجی قادری کۆیی( لە بەر ئەوەی حاجی باوەڕی بە خەباتی چەکدارانە هەیە بۆیە داوادەکات، کە چەك بە هەموو جۆرەکانییەوە پەیدابکەن و بکەونە کۆڕی خەباتەوە بۆیە دەڵێت:

جۆشێك بدەن وەکو هەنگ، تەگبیرێکەن بە بێدەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیداکەن تۆپ و تفەنگ و هاوەن( کمال معروف، 2007، 59 ). ئەمەش تیۆریاو دیدی دڵدارە بۆ خەبات و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و خۆشەویستی نیشتمان و کە لە ڕێگەی هێز و خەباتی چەکداری بە دی دێت و تاکە ڕێگایە کە داخوازیەکانی گەلی کوردو نەتەوەی کورد فەراهەم دەکات. بۆیە دەڵێت:

ئەی ئەزانی ئەو بەعارەق داری هیوا ئاوبدا
گەر بەخوێن پەیی بدا ئەوجا سەمەر پەیدا ئەبێ(دڵدار).

دڵدار بانگی لاوی کوردەکات، کە لە ڕێگەی خەبات و دەست وبازو و خوێنەوە، کورد بە ئاوات دەگات و، هەر لاوی کوردە پێویستە بێتە مەیدان و خەبات بکات و بۆ گەل تێبکۆشێ و نەتەوەی کورد سەربخات.

## 6. ئەنجام

لە ئەنجامی گەڕان و شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی ژیاننامەو ڕابردووی شاعیر گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە.

1- دڵدار کاریگەری ڕاستەوخۆی ڕۆشنبیری ماڵباتی و خانەوادەی مەلازادەی خادم السجادەی پێوە دیارە، کە هەر لە سەرەتاوە کاریگەری لەسەر کەسایەتی دڵدار بەجێهێشتووە.

2- لوتکەی بیرکردنەوەو بڕیاردانی دڵدار لە پرسیاری (ئاسەف)ی برای دەستپێدەکات. بەجۆرێك بیرکردنەوەو هەڵوێستی دڵدار دەگۆڕێت، بۆ کەسێك

كە بوونی خۆی بە کورد و نەتەوە وە گرێدەدات.

3- قۆناغەکانی تەمەنی دڵدار کۆمەڵێك وانەو پەندی مێژوویین دەکرێ، تویژینەوەی زیاتری لە سەربکرێ بۆ دەرخستنی هەلو مەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو قۆناغە مێژوویە لە مێژووی کورد کە وەرچەرخان لە جۆری خەبات و بیری نوێ دێتەکایەوە.

4-کاریگەری ڕاستەوخۆی حاجی قادری کۆیی و دارشتنەوەی بیری حاجی و تێروانینی حاجی بۆ پرسی نەتەوە و ناسیونالیزم، کە دەخوازێ کورد لە ڕێگەی هێزەوە خۆی بسەلمێنێ.

5- ناسیونالیزمی کوردی لە سەدەی بیستەم و دەیەکانی سەرەتای سەدەی ڕابردوو،گۆڕانێکی جەوهەری لە هزرو بیرکردنەوەی خەڵك و ڕۆشنبیرو شاعیرانی کورد گۆڕی و خەبات لە پێناو ئاینەوە گۆڕا بۆ خەبات لە پێناو نەتەوە.


Abstract

Dldars feeling of Kurd and Kurdish nationalism

The title of the paper is (Kurdhood and Nationalism to the poet Dildar). The factor behind choosing this title refers to the impact of being Kurd an nationalism upon Dldar. Also refers to revocation of the idea of the death of poems literary when the poet removes the word from the fiction ،feeling which is the features of some his poems .It seems carrying political aspect ،and is return to the cultural background and postmodernism nationalism ideas which has impact upon the poet. This leads the poet to search for (Asaf)poets older brothers question is what a poet is ،it is the question about being Kurd . This was the first step of growing of being Kurd and nationalism .

The paper is divided into three chapters .Chapter one is about pots biography and his work in political groups . Chapter two is devoted for the definition of nationalism and Kurdish nationalism ،its history and the effect of these national movements . Chapter three is about the impose of feeling of being Kurd by force upon the society . One aspect is about the psych sociological analysis of Dldars personality . After that the conclusion and list of bibliography are shown .


## 7. سەرچاوەکان


**بەزمانی کوردی:**

جعفر علی،(د). ، ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی،چا.ڕۆژهەلات، هەولێر،2013.

جمال فتح الله طیب،( د.)، کۆیە (1918-1958) ،چا.شەهاب، هەولێر،2008.

حیدر حاجی خدر، ڕەخنەو ئایدۆلۆژیا، چا.نما، هەولێر،2005.

حمیدعزیز(د)،بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەلایەتی،خانەی ئاوێرپۆچاپ و بلاوکردنەوە،2014.

دڵدار، دیوانی دڵدار، چا،کوردستان ، هەولێر، 1971.

زاهیر ڕۆژبەیانی ،شعریەت لە دەرەوەی شیعر ،چا.ئاراس، هەولێر،2008.

شاسوار هەرشەمی، مێژووئارامیەکان لە کوردوستاندا، چا، بابان،سلێمانی،1999.

شکری عزیز ماضی(د) تێۆری ئەدەب،و،(د)سەردار احمد گەردی،چاپخانەی ماردین،2010.

عبدالخالق علاالدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد،چا،ئافاق، بەغداد، 1985.

عبدالرزاق بیمار ،لە سێبەری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا،چا.ڕێنوین،کۆیە، 2017.

عبدالموتەلیب عبداللە ، زمان ، بوون، شیعر، چا.خانی،دهۆك ، 2009.

فواد مجید میسری، شیعر و فەلسەفە،چا.علاء، بغداد، 1978.

کمال معروف،د.، ڕەخنەی نوێی کوردی ، بلاوکراوەی سلێمانی،سلیمانی،2007.

مارف خەزنەدار،(د).، مێژووی ئەدەبی کوردی،ب،پێنجەم، چا، ئاراس، 2010.

محمّد عبدالکریم ابراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە،چا.موکریان،هەولێر ،2012.

مەریوان وریا قانع، بەختەوەری و بێدەنگی، چا. ئەندێشە ، سلێمانی ،2017.

مەریوان وریا قانع،دڵڕەقی و بێمالی، چا،ئەندێشە، سلێمانی، 2015.

مەریوان وریا قانع،شوناس و ئالۆزی، نێوەندی ڕەهەند، چا،ڕەنج، سلێمانی، 2004.

**بەزمانی عربي:**

اوستين وارين و رينية ويلك،(1972) نظرية الادب،ت، محي الدين صبحي، مطبعة خال الطريشي.

طالباني(1969)،كوردستان و الحركة القومية الكوردية ، طليعة لطباعة والنشر.

سمير سعيد حجازي (2004)، الادب و المجتمع المعاصر في مصر،دار الافاق العربية.

**گۆڤار:**

کۆلێژی ئەدەبیات، ژمارە (15)، چا، معاریف، بەغداد، 1972.

کوردۆلۆجی، ژمارە(2)، چا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی،2009.

ڕامان، ژمارە ، (27)،ئارس، هەولێر، 1998.

هەفتەنامە

فەرهەنگ، ژمارە (50)، ت1،هەولێر، 2010.